شوبهەى نۆيەم

دەڵێين:

باشە بۆمان دەركەوت كە موشريكەكانيش هاوارو پەرستنيان بۆ پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) و پياوچاكان بوو وەكو وەكو ئێمە، بەلاَم ئەوان داوايان لە خودى پياوچاكەكان و پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) دەكرد سەربەخۆ، واتە داوايان لە ئەوان دەكرد فريايان بكەون و پەرستنيان بۆ ئەوان دەكرد سەربەخۆ، بەلاَم ئێمە مەبەستمان خودى پياوچاكان و پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) نيە كاتێك هاواريان دەكەينێ و داوايان لێدەكەين، واتە ناڵێين با ئەوان خۆيان وەلاَمان بدەنەوە بەڵكو دەڵێين با بۆمان لە خوا بپارێنەوەو لەو نزيكمان بكەنەوەو شەفاعەت و تكامان بۆ بكەن لاى ئەو. كەواتە ئێمە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) و پياوچاكان وەك (وەسيلە) بەكار دەهێنين بۆ ئەوەى ببنە (واسيتە)مان لاى خوا و(شەفاعەتمان) بۆ بكەن لاى خواو لەو نزيكمان بكەنەوە.

بەلاَم موشريكەكان مەبەستيان لە هاواركردنى پياوچاكان پەرستنى خودى پياوچاكەكان بوو نەك وەك: (واسيتە) و (شەفاعەتكار) و (وەسيلە) داوايان لێ كردبن. كەواتە: **موشريكەكان بۆيە كافر بوون و بە موشريك دانران چونكە سەربەخۆ داوايان لە پياوچاكان دەكردو ئەوانيان دەپەرست. بەلاَم ئێمە ئەوان ناپەرستين و داواى واسيتەو شەفاعەتيان لێدەكەين و وەسيلەمانن بۆ نزيك بوونەوەمان لە خوا !!.**

وەڵامى شوبهەى نۆيەم

لەوەلاَمدا دەڵێين:

بەڕاستى ئێوە قسەيەكتان كرد وەك هەمان قسەى موشريكەكانى پێشوو، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ بل قالوا مثل ما قال الأولون ﴾ ٨١ : المومنون.

چونكە موشريكەكانى پێشوش هەمان قسەى ئێوەيان دەكرد، وە هەمان شوبهەيان دەهێنايەوە كە دەيان وت تەنها (الله) خاليقەو خوايە، بەلاَم پەرستراوەكانمان واسيتەمانن و شەفاعەتمان بۆ دەكەن !!، وە دڵى موشريكەكانى كۆن و نەفامانى تازە هاوشێوەى يەكن و هەمان شوبهەيان لێوە هەڵ دەقوڵێت. وەك پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ كذلك قال الذين من قبلهم مثل قولهم تشابهت قلوبهم قد بيَّنا الآيات لقوم يوقنون ﴾ ١١٨ ـ البقرة.

وە بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیا بیت ـ خوێنەری هۆشیار ـ كە موشریكی كۆن و گۆڕپەرستە نەفامەكانی تازە لەیەك دەچن لە بیروڕاو ئیعتیقادا، بە بەڵگەی قورئان چەند ڕاستیەكت دەخەمە بەرچاو بۆ ئەوەی بەڕاستی موشریكەكانی كۆن بناسیت تا بتوانیت نەفامەكانی ئەم سەردەمە بەراوورد بكەیت لەگەڵیان و بۆت دەركەوێت كە هیچ جیاوازیان نیە لە شەریك بۆ خوا داناندا.

خوای گەورە لە قورئاندا بۆی ڕوون كردووینەوە كە موشریكەكانیش لە هاوار كردنە غەیری خواو پەرستنی بت و پەیكەری پیاوچاك و فریشتەو پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) مەبەستیان نزیك بوونەوە بوو لە خوا بە هۆی شەفاعەتی ئەم واسیتانەوە. وەك لەم دوو ئایەتەدا دەردەكەوێت:

١.[والذين اتخذوا من دونه أولياء ما نعبدهم إلا ليُقربونا الى الله زلفى إنَّ الله يحكم بينهم فيما هم فيه يختلفون إنَّ الله لا يهدي من هو كاذبٌ كفّارٌ] ٣.الزمر

واتە: ئەوانەی كە غەیری خوا چەند دۆست و خۆشەویست و ئەولیایان دانابوون بۆ خۆیان، دەیان وت: ئێمە نایان پەرستین تەنها بۆ ئەوە نەبێت كە لە خوا نزیكمان بكەنەوە. چونكە ئەوان لە خوا نزیكترن!. بێگومان خوا داوەری دەكات لە نێوانیاندا، لەو شتانەدا كە كێشەیان لەسەری هەیەو، ڕایان دەربارەی جۆراو جۆرە. بەڕاستی خوا ئەو بیروباوەڕە چەوتەیان ـ كە واسیتە دانانە ـ لێوەرناگرێت و هیدایەت و ڕێنموونی ئەو كەسانە ناكات كە درۆزن و بێ باوەڕن !.[1]

٢.[وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لاَ يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللَّهَ بِمَا لاَ يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلاَ فِي الأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ] (يونس:١٨)

واتە: جگە لە خوا شتانێك دەپەرستن كە نە زیانیان پێدەگەیەنن و نە سوودیش. وە دەڵێن: ئەوانە شەفاعەتكارمانن لای خواو شەفاعەتمان بۆ دەكەن بۆیە دەیان پەرستین تاوەكو شەفاعەتمان بۆ بكەن !! .

كەواتە بەم دوو ئایەتە قورئانیە پیرۆزە دەركەوت كە ئەم دوو شوبهەیە (واسیتەو شەفاعەت لەبنەڕەتدا شوبهەی موشریكە كافرەكانن بۆ نەفامە گۆڕپەرستەكان ماونەتەوە؛ چونكە ئەوانیش وەكو ئەمانە هەمان عوزریان بۆخۆیان دەهێنایەوە، كەواتە لەم بوارەشەوە هیچ جیاوازیەك نیە لەگەڵ موشریكەكانی كۆن و شەخس پەرستە نەفامەكانی ئەمڕۆ. وە كاری هەردووكیشیان بە شیرك دادەنرێن چونكە:

---

١. بۆ تێگەیشتنی مانای ئەم ئایەتە زۆر بە تەواوی بڕوانە: ((تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان)) العلاّمة عبدالرحمن بن ناصر السعدي.

هاوارکردنە غەیری خواو، پەرستنی غەیری خوا شیرکە؛ جا سەربەخۆ بێت یان بە واسیتە، واتە بەهەر شێوەیەک هاوار بکەیتە غەیری خوا هەر شیرکە؛ جا باوەڕت وابێت کە خودی پیاوچاکەکە وەڵامت دەداتەوە سەربەخۆ، یان باوەڕت وابێت بۆت لە خوا دەپاڕێتەوەو واسیتەت بۆ دەکات لای خوا، بۆ ئەوەی خوا وەڵامت بداتەوە. هەمووی هەر شیرکەو کوفرە، وەك لە **کۆتایی** دوو **ئایەتەکەی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت:**

١ـ لە کۆتایی ئایەتەکەی واسیتە پەروەردگار فەرمووی:

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ﴾ سورة الزمر : (٣) .

واتە: پەروەردگار هیدایەتی ئەو کەسە نادات کە درۆ بکات بە ناوی خواوەو لە خۆیەوە بەناوی خوا دینێك بۆ خۆی دابنێت و بشڵێت: خوا لەوە ڕازیە. وەهەروەها خوا هیدایەتی کافران نادات، کەواتە بە دوو وەسف خوای گەورە وەسفی ئەو کەسانەی کرد کە واسیتە لە نێوان خۆیان و خوادا دادەنێن (كاذب كفّار) **درۆزن و کافر.**

کەواتە هەرکەسێك پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاکان بکاتە واسیتە لە نێوان خۆی و خوادا، وە هاواریان بکاتێ و داوایان لێ بکات بەو نیازەی کە لە خوا نزیکی بخەنەوە ئەوە درۆی بەناوی خواوە کردووەو کافریشە** (كاذب كفّار) **وە خواش هیدایەتی نادات.**

٢ـ وەلە کۆتایی ئایەتەکەی شەفاعەت: پەروەردگار فەرمووی:

﴿سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ يونس : ١٨

واتە: پەروەردگار پاك و بەرزە لەو شەریکەی بۆی دادەنێن بەناوی شەفاعەت کارەوە.

کەواتە هەر کەسێك هاوار بکاتە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاکان و داوای شەفاعەتیان لێ بکات لە دوونیا دوای مردنیان ئەوە شەریکی بۆ خوا داناوەو پێغەمبەران** (عليهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاکانی کردون بە شەریکی خوا. پەنا بە خوا.**

کەواتە ئەگەر شەخس پەرستانی ئەمڕۆ بەوە دڵی خۆیان خۆش بکەن و بڵێن ئێمە شەریکمان بۆ خوا دانەناوە، چونکە وەك واسیتە پیاوچاکان حیساب دەکەین و داوای شەفاعەتیان لێ دەکەین لای خوا؛ ئەوە با بزانن بەمە توشی کوفر دەبن، چونکە دەرکەوت بە بەڵگەی قورئانی کە ئەمە شیرکەو کوفرەو، موشریکەکانی کۆنیش لەسەر هەمان بیروبڕوا بوون، بۆیە خوا بە کافرو موشریکی دانان. وە گۆڕپەرستانی

ئەمڕۆ زۆرجار داواكاریان لە خودی شێخ و پیاوچاكە مردووەكانە سەربەخۆ، واتە: ئیعتیقادیان وایە كە شێخ وەڵامدانەوەی داواكاریەكانی لە توانادایە دوای مردنیش سەربەخۆ !!

وە زانای المفسِّر عبدالرحمن بن ناصر السعدي فەرموویەتی:

(دعاء أهل القبورِ والإستغاثة بِهم وطلبُ الحوائجِ الدنيوية والأخروية منهم،... شرك أكبر، وهو عين ما يفعله عباد الأصنام مع أصنامهم.

ولا فرق في هذا بين:

١. أن يعتقد الفاعل لذلك أنَّهم **مستقلُّون** في تحصيل مطالبه،٢. أو **متوسطون** الى الله؛ فإنَّ المشركين يقولون : ﴿مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى﴾ ﴿وَيَقُولُونَ هَؤُلاء شُفَعَاؤُنَا عندَ اللّهِ﴾.

فمن زعم أنَّه لا يكفر من دعا أهل القبورِ حتى يعتقد أنَّهم مستقلُّون بالنفعِ ودفع الضرر، وأنَّ من اعتقد أنَّ الله هو الفاعل وأنَّهم وسائطٌ بين الله وبين من دعاهم واستغاثَ بهم لم يكفر ـــ من زعم ذلك فقد كذَّب ما جاء به الكتاب والسنَّة، وأجمعت عليه الأمة من أنَّ مَنْ دعا غير الله فهو مشركٌ كافرٌ في الحالينِ المذكورينِ سواء اعتقدهم مستقلِّين أو متوسطين.

وهذا معلومٌ بالضرورة من دينِ الإسلام. فعليك بهذا التفصيل الذي يحصل به الفرقان في هذا الباب المهم الذي حصل به من الإضطرابِ والفتنة ما حصل، و لم ينجُ من فِتْنَتِه إلا مَنْ عَرف الحقَّ واتَّبعهُ)[١]..

وە زانای پایە بەرز شێخ سلیمان بن سحمان ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ سەبارەت بەوانەی كە هاوار دەكەنە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاكان و دەیان كەن بە وەسیلەو واسیتەو داوای شەفاعەتیان لێ دەكەن فەرموویەتی:**

((لا يخلوا معتقد هذه الأفعال عن أحدِ ثلاثة أُمُورٍ

١ـ إما أن يعتقد أنهم مُسْتحقون للعبادة من دون الله، أو مع الله.

٢ـ وإما أن لا يعتقد ذلك، لكن ليقربوهم إلى اللهِ زلفى.

٣-وإمّا أنْ لا تكون هذه الأفعال عبادة)).

(٣) فإن كان أراد أن هذا الافعال ليست بعبادة؛ فقد كابر العقل والشرع وباهت في الضروريات؛

[فإنّ العبادة التي لا يستحقها إلا الله مع الإقرار بتوحيد الربوبيّة هي أفعال العبد الصادرة منه، كالدعاء، والحب، والخوف، والرجاء، والخضوع، والخشوع، والانابة،والتوكل، والتعظيم، والاستغاثة، والدعاء، والالتجاء، والاستعانة، والاستعاذة، والذبح، والنذر، وغير ذلك من أنواع العبادة التي اختصَّ الله بِها دون من سواه، هو المستحق لها دون من

(١) (القول السديد شرح كتاب التوحيد ص ـ ٧٥ ـ) .

عداه، فمن صرف منها شيئاً لغير الله كان مشركاً، سواء اعتقد التأثير فيمن يدعوه، ويستغيث به، أو أنّه مستحق لذلك، أو غير مستحق، أو لم يعتقد ذلك، وإنْ فَرّ من تسمية فعله ذلك شركاً، وتألُّها، وعبادةً، **[فإنه من المعلوم عند كل عاقل أنّ حقائق الاشياء لا تتغيّر بتغيّر أسمائها، فلا تزول هذه المفاسد بتغيُّر أسمائها، كتسمية عبادة غير الله توسُّلاً، وتشفُّعاً، أو تَبَرُّكاً، وتعظيماً للصالحين، وتوقيراً، فإنّ الاعتبار بحقائق الامور لا بالأسماء والاصطلاحات، والحكم يدور مع الحقيقة وجوداً وعدماً، لا مع الاسماء.]**

(١) وإن كان أراد بها ليقربهم الى الله زُلفى، مع اعتقادهم أن الله هو النافع، الضار، المدبر لجميع الأمور، وأنه لا خالق إلا الله، فهذا هو شرك الجاهلية.

(٢) وإن أراد أنهم مستحقون للعبادة من دون الله، أو مع الله، كان هذا أعظم من شرك الجاهلية، فإن هذا شركٌ في الربوبيّة والأُلوهية معاً[١].

وە دوای ئەوە كە بۆمان دەركەوت: موشریكەكانی كۆنیش هەر لەبەر ئەوە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاكانیان دەپەرست تاوەكو لە خوا نزیكیان بكەنەوەو شەفاعەتیان بۆ بكەن وەك شەخس پەرستانی ئەمڕۆ ـ پێویستە زیاتر لەم شوبهەیەی شەخس پەرستان بگەین بە ڕوونی كە دەڵێن:**

مەبەستمان لە هاواركردنە پیاوچاكان و پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) **ئەوەیە وەك (وەسیلە) بەكاریان بهێنین بۆ ئەوەی ببنە (واسیتە)مان و لای خوا (شەفاعەتمان) بۆ بكەن، بۆیە پێویستە لەم شوبهە سێ سوچە بگەین كە بریتییە لە:**

((توسل))، ((واسیتە))، ((شەفاعەت)).

جا بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم شوبهە سێ سووچە، دانە دانە باسیان لێوە دەكەین و ڕوونیان دەكەینەوەو شوبهەی موشریك و شەخس پەرستانیان تێدا پوچەڵ دەكەینەوە.بە پشتیوانی خوا. وە بۆ ئەوەی بە تەواوی شوبهەیان نەهێڵین و بۆ ئەوانیش و خەڵكیشی بسەلمێنین كە شەخس پەرستان ونەفامانی ئەمڕۆ لەسەر دینی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاكان نین كە دینی ئیسلامە، بەڵكو لەسەر دینی موشریكەكانی كۆنن!!.**

وە تاوەكو ڕوون بێتەوە كە ئەوانەی بە تەنها خوا دەپەرستن و هاوار دەكەنە ئەو، تەنها ئەوان لەسەر دینی دێرینی ئیسلام ماونەتەوەو ڕێبازی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاكانیان گوم نەكردووە. بەڵام شەخس پەرستان كە هاوار دەكەنە غەیری خوا دینێكی تازەیان هێناوەتە ناو خەڵكەوە كە نوێكەرەوەی دینی موشریكانە.**

(١) (الضياء الشارق في ردّ شبهات الماذق المارق–٤٠٧–) .